
حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی تەندروستی
فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایك بوونی فێركاری
MATERNITY TEACHING HOSPITAL

# نەخۆشخانەی لەدایکبوون لە ئاستی گەورەیی پایتەخت نییە



نەخۆشخانەی لەدایکبوون یەکێکە لەو نەخۆشخانانەی کە زۆرترین سەردانیکەری هەیە و ڕۆژانە بەدەیان ئافرەت لەم نەخۆشخانەیە بەهەردوو ڕێگەی سروشتی و نەشتەرگەری منداڵیان دەبێت، کەرتی تەندروستیش وەك زۆربەی کەرتەکانی دی بەدەر نییە لەگرفت و کەموکورتی و تائێستا لە هەولێری پایتەختدا وێڕای بەرزبوونەوەی لە رادەبەدەری ڕێژەی دانیشتووانی، لە رووی چۆنیەتی و چەندایەتی گرنگییەکی ئەوتۆیان بە نەخۆشخانەی منداڵبوون و تەندروستیی دایکان نەداوە و تەنیا یەك نەخۆشخانەی لەدایکبوونی هەیە کە لەساڵی ١٩٨٤ لەلایەن کۆمپانیایەکی ئیسپانی دروستکراوە، ئافرەتێکی بەشداربووی ئەم راپۆرتەی گوڵان راشکاوانە دەڵێت: ئەگەر پیاوان منداڵیان ببووایە لە هەر شارێکدا دەیان نەخۆشخانەی لەدایکبوونی دروست دەکرد.

«من تا ئێستا چوار منداڵم بووە، دوو کوڕە گەورەکەم لە لای مامان بووە و کچێك و کوڕێکیشم لە نەخۆشخانە لەدایکبوون، بەڵام نەخۆشخانەی چی، لەو هەولێرە گەورە و گرانە تەنیا یەك نەخۆشخانە هەیە، بە سەدان هەزار کەس روویان لەم شارە کردووە، کەچی یەك نەخۆشخانەی لەدایکبوونی هەیە، بنکەکانی تەندروستیش شیاوی ئەوە نین ئافرەتێك بۆ منداڵبوونەکەی پەنای بۆ ببات». ئەوە قسەی نەرمین حەسەن بوو. ئەو ژنی ماڵەوەیە و وەك دایکێك بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڵێت: «دایکایەتی شتێکی پیرۆزە و هەر ئەو دایکانەن کە نەوەی دوارۆژ دروست دەکەن، منداڵبوونیش خۆ شتێکی هەروا ئاسان نییە، بریا پیاو بۆ یەك جاریش منداڵێکی دەبوو تا بزانێت چەند سەختە، حکومەتەکەشمان هەمووی هەر پیاون بۆیە گرنگیی بە تەندروستی دایکان نادەن، خۆ ئەگەر پیاوان منداڵیان ببوایە، دەسەڵات لە هەر شارێکدا دەیان نەخۆشخانەی لەدایکبوونی دروست دەکرد»

بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی لەدایکبوون لە هەولێر، لە مانگی رابردوو(٩)ی ئەمساڵ ١٥٥١ کوڕ و ١٣٢٥ کچ لەدایکبوون کە ١٧٩٧ یان سروشتی و١٠٧٩ یان بە نەشتەرگەری بووە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە لە مانگی (٩) ی ساڵی رابردوو ١٥٠٧ منداڵبوون بە نەشتەرگەری و ٨٤٤ منداڵبوونی سروشتی هەبووە.

د. هالە جەودەت جەواد جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی لەدایکبوون لە هەولێر، لە دەستپێکی قسەکانیدا هێمای بۆ ئەوە کرد کە رەوشی ئەمڕۆی کوردستان و هاتنی بە لێشاوی ئاوارەکان تا ئاستێکی زۆر ئەرکیانی قورس کردووە، گوتیشی: «پێشتر رۆژانە ٢٠ تا ٣٠ حاڵەتی لەدایکبوون هەبوو، ئێستا بەرزبۆتەوە بۆ ٥٠ تا ٦٠ حاڵەتی لەدایکبوون، جگە لەوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو ئاوارانە زۆر هەستیارە، ئەوان باری دەروونییان تەواو نییە و زوو هەڵدەچن و دەیکەن بە دەنگەدەنگ، هەروەها لە نەخۆشخانە تەنیا ٢٠ تەختی منداڵبوون هەیە، ئەوەش وادەکات لەناو هۆڵی منداڵبوون نەخۆش لەسەر زەوی چاوەڕێ بکات».

د. هالە ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوە کە دەڵێن کەرەستە و پێداویستیی نەخۆشخانە ئەهلییەکان لە هی نەخۆشخانە حکوومییەکان باشترە، هەمووی بە «پروپاگەندە و دوور لە راستی» ناوبرد. گوتیشی: «حکومەت باشترین مەواد بۆ نەخۆشخانە دەکڕێت، یاخود دەگوترێ حکومەت ئاگای لە تەندروستی دایك نییە، لەکاتێکدا ئافرەتانی وڵاتی ئێمە هەریەك چوار تا پێنج منداڵی دەبێت کە دێتە نەخۆشخانە ئەگەر نەشتەرگەریشی بۆ بکرێ نەشتەرگەرییەکی نازداری بۆ دەکرێ و پازدە کەس سەرقاڵی دەبن، بێئەوەی یەك دیناری لێ وەربگیرێ، من وەك دکتۆرێك پێشنیار دەکەم کە حکومەت پارەی نەشتەرگەری وەربگرێت و چیتر بەخۆڕایی ئەنجامی نەدات». جەختی لەوەش کردەوە کە «هەندێ ئافرەت حەز لە رۆتینیات ناکات، یاخود نەخۆشخانەی حکوومی وەهمێکی بۆ دروست کردووە، بەهۆی ئەو کەموکورتییانەی کە هەیە، هەروەها باری دارایی باشە و دەچێت لە نەخۆشخانەی ئەهلی منداڵی دەبێت»، گوتیشی: «ئێمە لە زووەوە داوامان کردووە کە نەخۆشخانەی زیاتر لە هەولێر دروست بکرێت، هەرچەندە لەئێستادا نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە منداڵبوون لە ژێر دروستکردندایە، بەڵام پێویستمان بە رووبەری زیاتر و کادیری زیاتر و نەسریەی باشتر هەیە، لە راستیدا ژمارەی پەرستارەکانمان کەمن، لەهەر شفتێکدا تەنیا سێ پەرستار هەیە، بەهۆی قەیرانی دارایی و سیاسی ئەم دواییەی کوردستانیش تاوەکو ئێستا پێداویستییەکانی نەخۆشخانە بەتەواوی دابین نەکراوە».

د. رەسووڵ ئیبراهیم پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە بواری تەندروستی یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگە، ئەگەر لەشی مرۆڤ لە تەندروستیی پێویست بەهرەمەند نەبێت، ئیتر بنەمای ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە، هێمای بۆ ئەوەش کرد کە لە بواری تەندروستییەوە تاکی مرۆڤ دوو بەشن: یەکەم: ئەوانەی کە مەترسیی تەندروستییان لە ئاستێکی چاوەڕوانکراودایە، دووەم: ئەوانەی کە لە مەترسیی تەندروستیدان، واتە پێویستە چاودێری پزیشکی چڕتر بکرێن، ئەم بەشە دایکی دووگیان و کۆرپەلە خۆی دەگرێت، ئەمە بەم مانایەیە کە ئەگەر تاك پێویست بێت بەپێی رێنماییەکانی تەندروستیی ساڵانە، یان هەر چەند ساڵ جارێك سەردانی پزیشك یان بنکەی تەندروستی بکات، دایکی دووگیان بە هۆی مەترسیداربوونی تێکچوونی باری تەندروستی خۆی و کۆرپەکەی پێویستە بە درێژایی دووگیانی و لە ماوەی شیردانی لە ژێر چاودێری پزیشکیدا بێت. بۆ ئەم چاودێرییە دوو شێوازی ئەمریکی و بەریتانی هەیە.

شێوازی ئەمریکی کە لەسەر بنەمایەکی چڕوپڕ دانراوە و لە وڵاتی ئێران ئەم شێوازە لە primary health care بەڕێوەدەچێت کە لە خانەی بهداشت، واتە ماڵی تەندروستیەوە دەست پێ دەکات، هەر دوو تا سێ گوند ماڵێکی تەندروستییان هەیە و چاودێری پوخت بو دایکی دووگیان فەراهەم دەکەن و، ئینجا ئەگەر خزمەتگوزاری زیاتری پێویست بێت لە بنکەکانی گەورەتر ئەنجام دەدرێت. گوتیشی: «حکومەتی هەرێم بایەخێکی بەرچاوی بە بنکەی تەندروستی داوە، بەڵام بەرهەمی باشی بەدەست نەهێناوە، هۆکاری سەرەکیشی بە بۆچوونی من دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی تەندروستی، باشە بزانین وەزارەتی تەندروستیی کوردستان تەنیا کاری تەندروستی دەکات، لە کاتێکدا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان کار و باری پەروەردەییش لە ئەستۆی ئەم وەزارەتەیە. بێ شك ئەم بابەتە کاریگەری لە سەر باری پەروەردەیی و ئینجا خزمەتگوزاریی تەندروستی دەبێت، بۆیە ستانداردەکانی جیهانی لە بواری تەندروستی جێبەجێ ناکرێن، ئەوەش مەرج نییە بودجەیەکی زۆری پێویست بێت، چونکە پتر لایەنی پەروەردەیی دەور دەبینێ، واتە ئاستێکی زانستی پزیشکی بەرزی پێویستە تا زۆربەی کێشەکانی تەندروستی چارەسەر بکرێن، هەروەها ئەرکی وەزارەتی تەندروستییە کە چاودێری پتەوتر بخاتە سەر نەخۆشخانەکان، تا سەرەڕای ئەو هەموو خزمەتگوزارییانە بە هۆی هەندێ هەڵەی نەشیاو بە خراپ ناویان نەبەن»

ئەو پزیشکە رەخنەی لە وەزارەتی تەندروستی گرت، بەوەی کە «مۆڵەتی نۆرینگەی پزیشکی بە زیاتر لە دووهەزار یاریدەدەری پزیشك داوە، تا وەکو پزیشك کار بکەن»، گوتیشی:

دایکێك:

**ئەگەر پیاوان منداڵیان ببووایە لە هەر شارێکدا دەیان نەخۆشخانەی لەدایکبوون دروست دەکرا**

د. هالە جەودەت:

**لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون تەنیا ٢٠ تەختی منداڵبوون هەیە، بۆیە زۆرجار لەناو هۆڵی منداڵبوون نەخۆش لەسەر زەوی چاوەڕێ دەکات**

عارف روشدی:

**پێویستە سەنتەری هوشیاری و رێنماییکردنی دایکان دابمەزرێنن، بەتایبەت بۆ ئەو خانمانەی کە تازە چوونەتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری و بۆ یەکەم جار ئەزموونی دایکایەتی تاقی دەکەنەوە**

د. رەسووڵ ئیبراهیم:

**ئەرکی وەزارەتی تەندروستییە کە چاودێری پتەوتر بخاتە سەر نەخۆشخانەکان، تا سەرەڕای ئەو هەموو خزمەتگوزارییانە بە هۆی هەندێ هەڵەی نەشیاو بە قەسابخانە ناویان نەبەن**

ئەمانـــەو زۆر بابەتی دیکە هەن کە کۆی ئەم بابەتانە دامێنی تەندروستیی وڵاتەکەمان لەکەدار دەکات، بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم سیستمی تەندروستیی کوردستان پێویستی بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی هەیە، تا بتوانیت خۆی لە ستانداردەکانی جیهانی لە بواری پزیشکیدا نزیك بکاتەوە»

د. کەژاڵ حامید برایم پســپۆڕی نەخۆشــییەکانی ئافرەتان، لە دەستپێکی قســەکانیدا نەبوونی زیاتر لەیەك نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی بە «کارەساتیکی گەورە» هەژمار کرد و گوتی: «ئەوە کارەساتێکی دەستکردە و بێگومان حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار بە تەندروستیی دایك و منداڵ بەرپرسیارن لەو کارەســاتە. چونکە شــارێکی وەکو هەولێر کە پایتەختی کوردستانە و ئەمساڵیش بوو بە پایتەختی گەشتیاری، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانی باشــوور و ناوەڕاستی عێراق و شنگال و ناوچەکانی بەر هێرشی داعشی تیرۆریست و خەڵکی رۆژئاوای کورســـتان پەنایان بۆ هێناوە، ئەوە پاڵەپەستویەکی زۆری خســـتۆتە سەر نەخۆشـــخانەکان، چونکە بە بێ ئەوەی پلانـــی بو دابندرێ، روویـــان داوە، لای ئیمەش نە پلان دانان هەیـــە، نە پارەش هەیە بـــۆ جێبەجێکردنی هەر پڕۆژەیەك کە پێویست بێ بۆ دابینکردنی تەندروستیی دایکان و منداڵان.

د. کـــەژاڵ زیادبوونی نەخۆشـــخانە تایبەتییەکان بە کارێکی ئەرێنـــی دەزانێت و رایوایە هەندێك باری قورســـی لەســـەر نەخۆشخانە حکوومییەکان کەم کردووەتەوە و نەخۆش تا رادەیەك دەتوانـــێ بە ئارەزووی خۆی بچیتە هەر نەخۆشـــخانەیەك کە خوی دیاری بکات. سەبارەت بە خزمەتگوزاری لە نەخۆشخانە حکوومییەکانیش گوتی: «بەراورد بەو قەرەباڵغیەی کە هەیە، خزمەتگوزاری لە نەخۆشخانە حکوومییەکان تا راددەیەك باشە، چارەسەری ئەو کێشـــەیەش زۆر ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر لە ئێستاوە پلانێکی باشی بۆ دابندرێ لەلایەن حکومەت و لایەنی پەیوەندیدارەوە، پاشـــان ئەگەر بودجە هەبێ بۆ جێبەجێکردنی و بە لایەنی کەم دوو نەخۆشـــخانەی دیکـــەی لەدایکبوون و منداڵان لە هەر دەروازەیەکی شاری هەولێر بکرێتەوە، هەندێك لەو قەرەباڵغی و کەموکوڕییانە کەم دەکاتەوە، لەهەمان کاتیش دەتوانـــدرێ زیاتر بایەخ بە تەندروســـتی دایـــکان و منداڵان بدرێ».

لـــەلای خۆیەوە عارف روشـــدی شـــارەزا لە بواری تەندروســـتی و راوێژکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردســـتان، ســـەبارەت بە هەمان پرس بۆ گولان گوتی: «زۆر گرنگە کێشـــەی کەمیی نەخۆشـــخانەی لەدایکبوون و منـــداڵان لە هەموو روویەکـــەوە چارەســـەر بکرێت، پێویســـتە لە هەر پارێزگەیەك نەخۆشـــخانەی زیاتر هەبێت، سەرەڕای ئەوەش نەك هەر نەخۆشـــخانەی منداڵبوون، بەڵکوو هەموو نەخۆشخانەکان بە ئامیری پێشکەتووی پزیشکی دەوڵەمەند بکرێت و پزیشکی پسپۆڕی زیاتریان بۆ دابین بکرێت، لە لایەکی دیکەوە پێویســـتە ساڵانە پزیشکەکان خولی راهێنان ببینن بـــۆ وەرگرتنی زانیاری نوێ، بێجگە لەمەش گرنگە ســـەنتەری هوشیاری و رێنماییکردنی دایکان دابمەزرێنـــن، بەتایبەت بۆ ئەو خانمانەی کە تازە چوونەتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە و بۆ یەکم جار ئەزموونی دایکایەتی تاقی دەکەنەوە»، گوتیشـــی: «دەبـــێ حکومەت و کەرتی تایبەتیـــش خەمی ئەوەیان هەبێـــت، منداڵانی ئەو دایکانەی فەرمانبـــەرن، یان خاوەن کارن، دایانگەی مۆدێرنیان بۆ دابین بکەن، جا ئەگەر بکرێـــت ئەوانەی حکومەت بێبەرامبەر بێت و ئەوانـــەی کەرتی تایبەتیش بە نرخێکی گونجاوبن، هەروەها پێویستە سیســـتمێکی چاودێریی تەندروستیی پێشکەوتوو بۆ دایکان و کۆرپەکانیان دابین بکرێت» .





# ژنانی سووتاو

## ئاسۆیەک بۆ گەڕانەوەی جوانییان

خانمان بایەخێکی زۆر بە جوانیی روخساریان دەدەن و جگە لە ماکیاج و تاتۆکردن، گرینگییەکی زۆر بە جوانترکردنی سیمای خۆیان دەدەن، زۆربەی ئەوانەشیان کە باری ئابوورییان باشە، پارەیەکی زۆر و خەیاڵی بۆ جوانکاریی روخساریان تەرخان دەکەن و تەنانەت پەنا بۆ نەشتەرگەریی دەم و لووت و سینگیان دەبەن، ئەوە خەسڵەتێکی ئافرەتانە و جوانی خۆیان بە هەموو سەروەتی دنیا ناگۆڕنەوە، بەڵام جاریوایە ئافرەتێك بە بڕیارێکی هەڵە و بە مەبەستی خۆکوشتن پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبات، کاتێکیش لە مردن رزگاری دەبێت، وێڕای پاشگەزبوونەوەی، تەنیا ئاواتی ئەوەیە جوانیی لەدەستچووی بۆ بگەڕێندرێتەوە. بەڵام هێنانەدی ئەو ئاواتە بەتایبەتی بۆ کەسانی کەمداهات ئاسان نییە، بۆیە خوازیارن حکومەت بەهانایانەوە بچێت و بە کردنەوەی سەنتەری جوانکاریی حکوومی ئومێدی ژیانیان بۆ بگەڕێنێتەوە.



ئافرەتێکی سووتاو:

**تەنیا لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە ئەوەندە جوانی رووخسارم بۆ بگێڕێتەوە کە رۆڵەکەی خۆم لە باوەش بگرم و لێم نەترسێت**

پسپۆڕێکی نەشتەرگەری جوانکاری:

**لە هەردوو نەخۆشخانەی رزگاری و هەولێری فێرکاری رۆژانە نەشتەرگەری جوانکاری بە خۆڕایی ئەنجام دەدرێت، بەڵام لەیزەرمان نییە**

دەروونناسێک:

**لە کوردستاندا تەنیا هەوڵی چارەسەری جوانکاری دەدەن، بەڵام پێویستە شانبەشانی ئەوە چارەسەری دەروونیش پێشکەش بکرێت**

راستییەکی حاشاهەڵنەگرە لای ئافرەت هەموو سەروەت و سامانی دنیا جوانییەکەیەتی، بە لەدەستدانی ئەو جوانییەش ئافرەت واهەستدەکات هەموو شتێکی لەدەستداوە، زۆرجار لەدەرەنجامی سووتان و خۆسووتاندن، لەش و رووخساری ئافرەت دەشێوێت، حاڵەتی واشمان هەبووە کە تەنانەت منداڵەکەی نەیناسیوەتەوە و ئامادە نەبووە بۆ چرکەساتێکیش لە ئامێزی دایکانەی دایکی سووتاوی خۆیدا بحەوێتەوە.

بەر لەچەند مانگێك بەکاری رۆژنامەوانی سەردانی بەشی سووتانی نەخۆشخانەیەکی هەولێرمان کرد. زۆرینەی سووتاوەکانی ئەو نەخۆشخانەیە ئافرەت بوون، ئافرەتێکی گەنج رۆحسووکترینیان بوو. ئەو ئامادە بوو هۆکاری خۆسووتاندنەکەی ئاشکرا بکات، بەڵام نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ و بە ناوی خوازراوی (ترێ) بۆ گوڵان هاتەئاخافتن. سەرەتا باسی ئەوەی کرد کە روخساری بە تەواوی شێواوە و تەنانەت مەمکەکانیشی بەسینگیەوە هەڵقرچاون، بەو جۆرەی خۆی باسیکرد، بە جارێ مێیینەتی و جوانی خۆی لە دەست دابوو. گەرچی خوشکەکەی چەند جارێك دووپاتی کردەوە کە گوایە بە «پریمز» سووتاوە، بەڵام لە دەرفەتێکدا کە خوشکەکەی چووە دەرێ و پەیوەندی تەلەفۆنی هەبوو، ترێ راشکاوانە و بێ پێچ و پەنا باسی لە هۆکاری سووتانەکەی کرد و گوتی: «کە باوکم مرد مامم ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی ئێمەی گرتە ئەستۆی خۆی، دایکم ئافرەتێکی فەقیرحاڵ و نەخوێندەوار بوو، نەیتوانی بەباشی پەروەردەمان بکات و رۆڵی دایکایەتی خۆی ببینێ، تا وامان لێهات لە راپەڕاندنی کاری رۆژانەمان سەربەخۆ بین و هەر یەکەمان لەلای خۆمانەوە وازمان لە خوێندن هێنا، کاتێ تەمەنم بوو بە (١٥) ساڵ لەگەڵ کوڕێکی دراوسێمان پەیوەندی خۆشەویستیم بەست، دوای چەند مانگێك بە هۆی نەفامی خۆم پەیوەندییەکەم ئاشکرا بوو، دوای ئاشکرابوونی ئەو پەیوەندییەشم هاتنە داوام، بەڵام مامم بە هیچ شێوەیەك رازی نەبوو، تەنیا لەبەر ئەوەی پەیوەندیم لە گەڵیدا هەبوو، پاشان مامم منی دا بە پیاوێك کە (١٨) سال لەخۆم گەورەتر بوو، ئەو پیاوە هیچ هەست و سۆزێکی خۆشەویستی لە دڵدا نەبووە و نییە، هەمیشە وەك ئاژەڵ رەفتاری لەگەڵ دەکردم، منیش دووگیان بووم و هەر تەحەمولم دەکرد، دەمگوت لەوانەیە دوای منداڵبوونم رەفتاری بگۆڕێت، پاشان بوومە خاوەنی کوڕێك، مێردەکەم دەیزانی پێشتر لەگەڵ کوڕی دراوسێکەمان پەیوەندیم هەبووە و ئەوەشی دەزانی کە هاتوونەتە خوازبێنیم، بۆیە بۆ ماوەی سێ ساڵ تەنانەت نەیدەهێشت موبایلێکم هەبێت، دواتر کە پێم سەلماند من خیانەتی لێناکەم، موبایلێکی بۆ کڕیم. دوای ئەو هەموو ماوەیە کوڕەکەی دراوسێمان هەر دڵ لای من بوو، منیش دەیان جار پێمگوت، تازە منداڵم هەیە و خیانەت لە مێردی خۆم ناکەم، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو، زۆر پاڕایەوە تا ژمارە موبایلی خۆم پێدا، شەوێکیان کارەبا نەبوو نامەی بۆ ناردم، من رۆیشتم لامپایەك رۆشن بکەم، هەتا گەڕامەوە مێردەکەم نامەکەی خوێندبووەوە، منیش لە ترسی ئەو نەوتی لامپاکەم بەسەرسەری خۆمداکرد و گوتم من خیانەتم لە تۆ نەکردووە، گەر بڕوا نەکەی خۆم دەسووتێنم، ئەویش یەکسەر لەماڵ چووە دەر و گوتی: دەچم مامت و مەلا دەهێنم، تەڵاقت دەدەم، دواتر بە سووتاوی خۆم لە نەخۆشخانە بینییەوە مێردەکەشم هەڕەشەی ئەوەی لێکردووم کە نابێ راستی رووداوەکە بدرکێنم، بۆیە لە راپۆرتەکەمدا گوتم بە پریمز سووتاووم، ئێستاش زۆر پەشیمانم، مێردەکەشم زۆر پەشیمانە، چونکە دواتر هەموو نامەکانی من و ئەو کوڕەی خوێندبووەوە، بۆیە زانی من تەنانەت جنێوم بەو کوڕە داوە و هیچ خیانەتم لێی نەکردووە، بەڵام تازە دوای چی؟ دەموچاوم وا شێواوە، تەنانەت تاقانەکوڕەکەم کە جەرگی خۆمە لێم بۆتە دوژمن و بێزم لێدەکاتەوە، ئێستاش دوای ئەو مەرگەسات و ئازارەی بەسەرمدا هات، زۆر زۆر پەشیمانم و تەنیا لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە ئەوەندە جوانی روخسارم بۆ بگێڕێتەوە کە رۆڵەکەی خۆم لە باوەش بگرم و لێم نەترسێت».

دەروونناس سامان سیوەیلی، سەبارەت بە پەنابردنی ئافرەت بۆ خۆکوشتن و خۆسووتاندن، سەرەتا باسی ئەوەی کرد کە کاتێك کەسێك بە پرۆسەی خۆکوشتندا تێدەپەڕێت، ئەو کەسە خۆی لە خۆیدا قەیرانی دەروونی هەبووە و بارگران بووە بە فشارێکی دەروونی، بەتایبەتی ئەوەی کە خۆی دەسووتێنێ و دواتر لە مردن رزگاری دەبێت، دوای ئەوەی کە لەو قۆناغەدا تێدەپەڕێت، دەبێتە کەسێکی کەمئەندام و ئەگەرێکی زۆری هەیە تووشی گرفتی دیکەی دەروونی وەك نامۆبوون و گۆشەگیری و خەمۆکی ببێت، بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی کە خۆیان دەسووتێنن لە بنەڕەتدا کێشەیەکیان هەیە کە گرفتێکی دەروونییە، ئەو کەسەش دوای هەوڵی خۆسووتان تووشی بارێکی دەروونی دەبێت، هەمیشە هەست بەپەشیمانی دەکات. سیوەیلی زیاتر گوتی: «بێگومان شانبەشانی چارەسەری جوانکاری بۆ کەسی سووتاو پێویستە چارەسەری دەروونی بکرێت، چونکە ئەو کەسە خۆی لە خۆیدا گرفتی دەروونی هەبووە، لەبەر ئەوە پەنای پۆ خۆسووتان بردووە، ئەمە بێجگە لەوەی کە کەسی سووتاو پێویستی بەچارەسەری دەروونی زیاترە و پێویستی بە چارەسەری خیزانی هەیە، ئەگەر لە خێزانەکەیدا کێشەکی هەبێت». گوتیشی: «لە کوردستاندا تەنیا هەوڵی چارەسەری جوانکاری و تەندروستی دەدەن، بەڵام پێویستە شانبەشانی ئەو چارەسەرییە چارەسەری دەروونیش پێشکەش بکرێت، لەکاتێکدا ئەو کەسەی کە دەسووتێت، ئەگەر چارەسەری پزیشکی و جوانکارییەکە پێویستی بەشەش مانگ بێت، ئەوا چارەسەری دەروونی پێویستی بە دوو ئەوەندە کات هەیە».

### پێویستە سەنتەری راوێژکاری دەروونی و خێزانی لە شارەکان بکرێتەوە

بەهار رەفیق توێژەری دەروونی و بەرپرسی بنکەی لانە بۆ پاراستن و گەشەپێدانی منداڵان، لە دەستپێکی قسەکانیدا هیوای خواست دیاردەی خۆسووتاندنی ئافرەت لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بنبڕ ببێت، جەختی لەوەش کردەوە کە «بە هەماهەنگیی دەزگا حکوومییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رێگەی وشیارکردنەوەی تاکەکان پرۆسەی نەهێشتنی خۆکوژی سەرکەوتووتر دەبێت». گوتیشی:«کاتێك ئافرەتێك لە رێگەی خۆسووتاندنەوە هەوڵی خۆکوشتن دەدات، بەڵام ژیانی لە دەست نادات، دواتر بە رووخسارێکی شێواو و دەروونێکی شڵەژاو و



هیلاکـــەوە دێتەوە ناو کۆمەڵ، ئەوکات پێویســـتی بە هاوکاری دەروونی و ماددی دبیت تابتوانێ بۆ ژیانی ئاسایی بگەڕێتەوە، ئەوەش کارێکی گرانە بۆ ئەو کەسانەی کەمدەرامەتن، لەوکاتەدا پێویســـتیمان بە هاوکاری دەوروبـــەر و حکومەت و ڕێکخراوەکان دەبێ».

بەهار ڕەفیق ئەوەشـــی دووپات کردەوە کە سەنتەری جوانکاریی حکوومی لە هیچ وڵاتێکـــی دنیا بوونی نییە، تەنانەت بیمەی تەندروســـتی لە وڵاتانی دەرەوە شـــمولی جوانـــکاری ناکات، لەگەڵ ئەوەشـــدا پێشنیاری کرد نەخۆشخانەی تایبەت بکرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی رووخسار و دەروونی ئاو ئافرەتانەی لە سووتان رزگاریان دەبێت و سندوقی یارمەتی و هاوکاری لە نەخۆشخانە و فەرمانگەکان بۆ ئەو کەســـانە دابنرێ کـــە باری ئابوورییان لاوازە، بە پێویستیشـــی زانی ســـەنتەری راوێژکاری دەروونی و خێزانی لە شـــارەکان بکرێتەوەو لەلایەن توێژەرانەوە سەرپەرشتی ئەو کەیسانە بکرێت».

## لە بەشی نەشتەرگەریی جوانکاری لە نەخۆشخانە لێزەرمان نییە

بەڵام د. جەلال حەمەســـاڵح پسپۆڕی نەشتەرگەری جوانکاری، جەخـــت لەوە دەکاتەوە کە لە هەردوو نەخۆشـــخانەی رزگاری و هەولێری فێرکاری رۆژانە نەشتەرگەری جوانکاری بە خۆڕایی ئەنجـــام دەدرێت، ئەویش لە ڕێگـــەی نۆرەگرتنەوە دەبێت، بەڵام زۆرجار نـــۆرەکان بەهۆی زۆری نەخۆش دوور دەبێت، لەهەندێك حاڵەتیشـــدا کەسەکە پێویســـتی بە چوار تا پێنج نەشتەرگەری هەیە، بـــەڵام ئـــەوەی نیگەرانی لای ئافرەت دروســـتکردووە، ئەوەیە کە لەم بەشـــەی نەخۆشـــخانە لێزەرمان نییە، زۆرجاریش دوامان کردووە، بەڵام تائێســـتا دابیننەکراوە، ئەوەش شتێکی زۆر ئاســـاییە و لە هەمـــوو دنیادا جوانکاری بە پـــارە دەکرێت و لە نەخۆشـــخانە حکوومییەکاندا تەنیا چارەسەر ئەنجام دەدرێت، لەم کاتانەدا نەخۆش ناچارە پەنا بۆ سەنتەر و نەخۆشخانە ئەهلییەکان ببات، تەنانەت لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکاش لێزەر لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان دەکرێت».

## پێدانی نیوەی خەرجییەکان چارەسەرەکە ئاسانتر دەکات

زاهیر قادر خاوەنی ســـەنتەری جوانکاری، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئەوانەی سەردانی ســـەنتەرەکەیان دەکەن بۆ لابردنی پاشماوەی سووتان لەسەر روخساریان، زۆرترینیان «چینی هەژار و مامناوەند»ـن، گوتیشی: «ئافرەتە دەوڵەمەندەکان بۆ چارەسەری و جوانکاری روخســـاریان دەچنە دەرەوەی وڵات و کێشەیان نییە، بەڵام بۆ هەژارەکان بە باشـــی دەزانـــم پارێزەرانی مافی ئافرەت سەردانێکی مەیدانی تەواوی سەنتەر و نەخۆشخانەکانی تایبەت بە جوانکاری بکەن، تا ژمـــارەی ئەو ئافرەتانە بزانرێت و دواتر لەلایـــەن ڕێکخراوەکانی ژنانەوە بۆ پشـــتگیری قوربانییانی ئەو کارەساتە ســـەردانی هەمان ئەو سەنتەرانە بکرێت و بەمەبەستی چارەســـەرکردنیان جۆرێك ڕێککەوتنیان لەگەڵدا بکەن. هەروەها چارەســـەر لەوەدا دەبینم کە حکومەت بە تەنسیق لەگەڵ چەند ســـەنتەرێکی جوانکاری کاری چارەســـەرکردن و گەڕاندنەوەی جوانی بۆ ئەو ئافرەتانە لەئەستۆ بگرێ، پێدانی لانیکەم ٥٠٪ی خەرجییەکان چارەسەرەکە ئاســـانتر دەکات و بەم کارە ئینسانییە دەتوانـــرێ دەیان ئافرەت لـــە ناحەزبوونی روخســـار و قەیرانی دەروونی رزگاربکەن».

توێژەرێك:

**پێویستە بۆ چارەسەرکردنی رووخسار و دەروونی ئاو ئافرەتانەی لە سووتان رزگاریان دەبێت، نەخۆشخانەی تایبەت بکرێتەوە و سندوقی یارمەتی و هاوکاری لە نەخۆشخانە و فەرمانگەکان بۆ ئەو کەسانە دابنرێ کە باری ئابوورییان لاوازە**